# با نەترسین و گفتوگۆ بکەین، تا دەروازەیەك بۆ داهاتوو بکەینەوە؟

بەختیار جاف
bextyarjaf@yahoo.com



هەمیشه نەم ویستووه بگەڕێمەوه دواوه، چونکه لەمڕۆی دونیای تازەگەرایی و بەجیهانی بوون و سەردەمی خێرا ڕێکردنی تەکنەلۆژیا، گەڕانەوه بۆ دواوه و ڕامان لەو شتانەی تۆزی مێژوویەکی لەمێژینەیان بەسەردا کەوتووه کارێکی سانا نییه و گەر واش بکەیت هەنگاوێك دوادەکەویت لەو بەرەوپێشقەچوونەی هەیە، کەواته دەبێت هەموو کات بیر لەمڕۆ و داهاتووش بکەینەوه، یان لە هەنگاوەکانمان (دە) هەنگاوی دیکەی پێشەخۆمان ببینین، چونکه بەهەق قۆناغی ئێستای مرۆڤایەتی دەخوازێت لە ئێستاوه لە دوور و داهاتوو ڕامێنین بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونیمان هەبێت، تا هیچ نەبێت بەردێك بۆ نەوەی ئایندەمان بخینه سەر بەردێك، ئەوانەی کەواش بیرناکەنەوه و بەمجۆرەش تێنافکرن هەمیشه کەوتنه چاڵ چارەنووسیان بووه و هەڵسانەوەیان کاتێکی زۆری ویستووه و بۆ بەرپەچدانەوەی ئەم کەوتنەشیان یاخی بوون و سەنگەرگرتنیان کردۆته وەسیلەی خۆدرووست کردنەوەیان لە بەرامبەر ئەوانەی جیاوازیان لە بیرکردنەوە هەیە لەگەڵیاندا، بۆیە نەبوونی دیقەتی خود خوێندنەوەی وورد و ڕامان لە تەوای چواردەوردا ئاکام بەدبەختی مرۆڤایەتی و تاکەکەسی دەباتە ئاقاری بەتەنها بینینی بەری دەم بە کزی و لەڕێکردنیشدا چاویلکەی پێویست دەکات بۆ لێك جیاکردنەوەی دژەکان، نموونە: بەردەوام دەبینین و تەواو هەست بەوە دەکەین هەنگاوەکانمان چەقبەستوی یەك کات و شوێنن و گۆڕان لە ئامراز و داوا و داخوازیەکان و ڕابردوو و ڕانەبردووەکانیشدا نییە و هەموو حاڵەتەکانیش بەیەك ڕەنگ و سەروسیما خۆیان دەنوێنن و لەجیهان بینیشمان ڕەش و سپی لەگەڵ ڕساسی جیاوازیەکی ئەوتۆیان نییە، سەرەنجام بەتەسك بیری تێدەفکرین و شیکارمان دەبێت بۆلایەنە جیاوازەکان تا دەگاتە حاڵەتی ئەوەی لەزمانی جەستە و دایەلۆگ ناگەین، کەواته گۆڕان دەبێت هەبێت و هەنگاوەکانی چارەنووس و داهاتووش بەو ئاڕاستەیە و بیرکردنەوەیە بن کە بۆ سبەی بێت نەك ئەمڕۆ هەبێت بەیانی خودا کەریمە و هەردەژین، گلەیم لە باپیرانم نییە، بەڵام سەرنج و ڕەخنەم هەیە لێیان، چونکە ئەوان خۆیان لەسەر ئەم فەلسەفەیە ڕاهێنابوو و تاسەریشیان نایەوە یەکەم گووتە و دواین گووتەیان ئەوەبوو(چنییە ئەم دونیایە، فشەیە خۆهەردەمرین) هەموولایەکیشمان لەهەنووکەی کۆمەڵگاکەمان (99.9٪) ی ئەم دیدگایەی باپیرانما دەرخ کردووە، چونکە ئەوان زۆربەیان هەڵگری ئایدۆلۆژیای وابەستەبوونیان بەنائومێدیەوە لەکۆڵنابوو و هۆکارو فاکتەرو لەمپەرەکانی ئەوسات و کاتەش خواستویەتی بەسادەیی گونجان لەگەڵ ژیان بکەن و لەگەڵ هێڵە تەریب و نایەریبەکانیش یەکانگیر بن، نامەوێت چیدیکە بگەڕێمەوە دواوە و ئیدی پێویست ناکات، لەبەرئەوەی هەروەك ئاماژەم بۆی کرد گەڕانەوە بۆدواوەکاتی دەوێت و دواکەوتوویی بەدواوەدێت و ئاکام خراپ بەسەرت تێدەپەڕێت.....

بۆیە دەبێت هەموومان نەترسین و گفتوگۆبکەین و لەداهاتوو بڕوانین و بەسەلیقەوە سەیری دوای سەدساڵی دیکەی پاش خۆمان بکەین، ئاخۆ لەو کاتەدا دەبێت ژیان چۆن بێت و نەوەکانی ئایندە چی لە ئێستای ئێمە دەخوازن، بابیر لە وەش بکەینەوە منێك و تۆیەك و ئەوانەی دیکەش چیمان هەبێت لەپاشەڕۆژدا شانازیمان پێوەبکەن و وەك دەستکەوتێك نەوەی ئایندە پارێزگاری بن، یا ئەوەتا دووبارە هەڵگری هەمان بیرکردنەوە بین کە یێژێت: ئەم ژیانە گوزەرێکە و ئەمڕۆ نا سبەی مردن کەونبوونی من و تۆیە چارەنووسە و پەیوەستی هیچی دیکە نین و تێری ئەمڕۆش بە سبەی برسی نەگۆڕینەوە.